# قسە خۆشەکانی دایکم

## کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵانە

٢٠١٧



ناوی کتێب: قسەخۆشەکانی دایکم
بابەت: چیرۆکی منداڵان
نووسەر: شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی
پێشەکی: ئەبوبەکر شوان
پێداچوونەوە: محەمەدئەمین رستگار
تایپ: شادە شاخەوان – شایەن شاخەوان
کۆمپیوتەر: بەسمە هێرش ناصح
نەخشەسازی: نەهرۆ مامۆکی
تیراژ: ١٠٠٠دانە
چاپخانە: چاپخانەی هێڤی



# سڵاو
# لە چیرۆکی ڕاستەقینە

بەر لەوەی خۆم خلۆڵ بکەمەوە نێو دونیای چیرۆکی منداڵان و ئەو چیرۆکانەی کە ڕاستەوخۆ کاریگەری تەواویان هەیە لە سەر هزر و مێشکی منداڵاندا، دەمەوێ ئەوە بڵێم مرۆ بە دوو چەشن دەتوانێ داخوازی و ڕاز و نیازەکانی خۆی دەربڕێ بە هونەرە جوانەکان یاخود گۆتە و ئاخاوتن، ئەوەی من دەمەوێ وەکو دەنك دەنك جوان و لووس و پژوێنی بکەم و بیکەمە ملوانکەیەك و بیخەمە بەرچاوی خوێنەر، تەنها و تەنها لایەنی دووەمی باسەکەیە کە خۆی لە ئاخاوتن دا پیشان دەدا، چونکە هەر ئەو قسە و ئاخاوتنەنە کە دەبنە داڕشتن و دەربڕین، لەوانەشە ڕەمز و هیما و ئیشارەت و بزاویش ڕۆڵی خۆی هەبێت، لێ بە قەد ئاخاوتنەکە نییە کە نووسەرێکی بەتوانا بە دەربڕین، باس لە شتێ دەکا کە لە بەرژەوەندی کۆمەڵگە و نیشتیمان دا بێت و ئامانجی هەرە سەرەکیشی پەروەردەکردنی ڕاستەقینەی منداڵان بێت، بەوەی ڕێچکەیەکی موستەقیم بگرنە بەر، تام و چێژ لە نووسینەکانی کاکی نووسەر وەربگرن.

ئەو چیرۆك و گۆتانەی کاك شاخەوان، تام و چێژ و لەزەتی خۆی هەیە دەیخاتە بازنەیەکی کراوەی بەرفراوان و دەگەڵ فەلسەفە و پیرۆزی کۆمەڵگەی کوردەواری دەگونجێن.

کاکی نووسەر توانایەکی ڕادە بە دەری هەیە لە هۆنین و چنینی چیرۆکدا بەوەی پەلکێشت دەکا و بەرەو جیهانی ئەندێشە و پەنهانیت دەفڕێنێ، نووسەر بە نەفەس و خولیایەکی قووڵەوە دێتە مەیدان و

ئینتیمــای خــۆی بــۆ نــاوەڕۆکی دەربڕینــەکان ئاشــکرا دەکــاتن و مەشڕەبخۆشانە خۆی دەخزێنێتە نێو دەریای پڕ لە گەوهـەر و خشـلی بـێ مانەنـد، هـەر بۆیـەش وەکـو مەلـەوانێکی شـارەزا، جـار نـا جـار سەرهەڵدێنێ و ئەوەی بەسوود و بـە مفایـە لـەو گەوهەرانـە( مەبەسـت بابەتەکانە) هەڵیاندەبژێرێ و بە شێوەیەکی ناسك و بە نەرم و نیانەوە بە منداڵانی دەناسێنێ و عەقڵی پژوێنیان پێ گۆش دەداتن.

ئەوەتانێ: لە ئـاڵای کوردسـتان، ژینگـەی پـاك، ژینـی سـاغ، سـتەم و زۆرداری، پەلەنەکردن لە بڕیار، هێماییێکـە بـۆ پابەنـد بـوون و ئینتیمـا بوون بە وڵات و نیشتیمان.

ئەو جـۆرە نووسـینانە، خزمـەتی زارۆکـی کـوردی دەکـاتن، ئارمـانجی خۆیان پێکاوە.

چاوەڕێی نووسینی جوانتر و بە بڕشتری لێدەکەم..

ئەبوبەکر شوان

هەولێر/٢٠١٢






# پشۆ چی فێری پشیلەکان کرد؟

هەبوو نەبوو، پشیلەییەکی بەساڵاچوو هەبوو، لەنێو پشیلەکان بە مامۆستا پشۆ ناوبانگی دەرکردبوو، چونکە یەکەم کەس بوو خۆبەخشانە ماڵەکەی کردبووە قوتابخانە و هەموو پشیلەکانی ئەو شوێنەی تێدا خڕ کردبوویەوە، فێری کردن چۆن بنووسن و چۆن بخوێننەوە. تەنانەت فێری کۆکردنەوە و دابەشکردنیشی کردن.
لە دوا ڕۆژەکانی تەواوبوونی خوێندن لەماڵەکەیدا، ڕووی کردە پشیلەکان و گوتی: ئێستا کاتی ئەوە هاتووە تاقیتان بکەمەوە بزانم ئەو ماوەیەی خۆم لەگەڵدا خەریك کردوون، چی فێر بوون؟ سەرەتا دەمەوێ هەمووتان بەیەك دەنگ هەتا(١٠)م بۆ بڵێن و لەگەڵم لە هەوادا ژمارەکە بنووسن.

ئـەوانیش لـە هـەوادا بەیـەك ئـاواز لەگـەڵ دەربڕینـی دەنگەكانـدا، ژمارەكانیان دەنووسی، كە دەیانگوت: ( یەك. دوو. سێ. چوار. پێنج. شەش. حەوت. هەشت. نۆ. دە)
كاتێك لە نووسین و خوێندنەوەی ئەو ژمارانە بوونەوە، مامۆستا پشۆ پێی گوتن: هەر بژین، دەی چەپڵەییەكی قایم بۆ خۆتان لێ بدەن.
هەمووان بە خۆشحاڵییەوە، بەیەكدەنگ كەوتنە چەپڵەلێدان.
دوای بێـدەنگبوون، چـەند پشـیلەییەكی هەڵسـتاند و هـەر یەكـەیان پرسیارێكی لێ كردن، ئەوانیش بە دروستی وەڵامیان دایەوە.
– دوو كۆ دوو دەكاتە چەند؟
* ٢ +٢= ٤
– سێ كۆ چوار دەكاتە چەند؟
* ٣+٤=٧
–چوار كۆ پێنج دەكاتە چەند؟
* ٤+٥= ٩
– پێنج كۆ پێنج دەكاتە چەند؟
* ٥+٥= ١٠





کـە دەستخۆشـی لـەو پشـیلانە کـرد، ئـەوجا ڕووی کـردە تـەواوی پشـیلەکان و گـوتی: ئێـوەیش ئەگـەر پرسـیارێکتان هەیـە، ئامـادەم وەڵامتان بدەمەوە، فەرموو بپرسن.

یەك لە پشـیلەکان دەسـتی هـەڵبڕی و بـە ئەدەبـەوە گـوتی: مامۆسـتا گیان من تا ئێستا تێنەگەیشتووم هونەری زانینی ئەو ژمارانە چییە؟

مامۆسـتا پشـۆ بـە دەم زەردەخەنەیـەکی گەشـەوە گـوتی: پـێش وەڵامدانەوەی پرسیارەکەت، با من پرسـیارێکت لـێ بکـەم، تـۆ ئەگـەر چوویتە جێگەیەك، ماڵێك، لەو شوێنە سێ کونە مشکی لێ بوو، لە هەر کونێکدا دوو مشکی تێدا بوو، چەند مشك لەو شوێنەدا هەیە؟

پشیلەکە گوتی: مشکەکانی هەر سێ کونەکە کۆ دەکەینەوە دەبێتە: ٢+٢+٢=٦کەواتە شەش مشك لەو شوێنە هەیە.

مامۆستا پشۆ گوتی: ئەمەیش دروستە، هەروەها دەیشتوانی بە جارانکردن لێکی بدەیتەوە، دووبارە پرسیاری لێکردەوە: ئەی باشە ئەگەر ئێوە دوو پشیلە بوون و چوونە ئەو شوێنە، هەر یەکەتان چەند مشکی بەبەر دەکەوێ؟

پشیلەکە گوتی: ئەوەیان بەدابەشکردن دەبێت، دەڵێین٦دابەش٢ دەکاتە سێ، کەواتە هەر یەکەمان سێ مشکی بەبەر دەکەوێت.

مامۆستا پشۆ بەو وەڵامە بزەییەکی نایە سەر لێو و گوتی: ئافەرین، کەواتە لەوەوە بۆمان دەردەکەوێ زانینی ئەو ژمارانە بۆ چییە؟ بۆ ئەوەی هەمووماﻥ بەیەکەوە مشکەکان ڕاو بکەین و کۆیان بکەینەوە، ئەوجا بەدادپەروەری شتەکان لەنێو خۆماندا دابەش بکەین، بۆیە دەبێ فێری ئەو ژمارانە ببین.



ئەم چیرۆکە لە ژمارە(١٠٩٨)ی ساڵی٢٠١١ی ڕۆژنامەی( هەولێر) بلاّو بۆتەوە

# مێروولـــەییەکی تەمبـــەڵ




هەبوو نـەبوو، لـە شـــــــــارە مێروســـــتانێکدا، مێروولەییـــــەکی خـــڕ و خـــەپان هەبوو، تەمبەڵ و تـــەوەزەل، بـــێ ئەوەی یەك ئـیش بکـــــات، هــــــەر دەیخــــــــوارد و دەخـــــــــەوت و دەگەڕا... هاوڕێیەکانی گەلێك ئامۆژگارییان کرد و گوتیان پێی: بەسـە ئیتر واز لەو تەمبەڵییە بهێنە، ئەوەندە مەخەوە، بە خەوتنی زۆر جگە لەوەی بێتاقەتت دەکات، دەبێتە هـۆی قەڵـەو بوونیشـت، کـە زۆریـش قەڵەو بوویت، ئەوە ناتوانیت ئیش و کاریش بکەیت.

مێرووله خرپنەکە گاڵتەی بەو قسانە دەهات، هەمیشە بە لاڵووتێکـەوە وەڵامــی دەدانــەوە، دەیگــوت: ژیــان چــییە مەگــەر هــەر خــواردن و خواردنـەوە و گـەڕان و سـووڕان و خـەوتن نییـە؟ لـەوە بـترازێ خـۆم بۆچی ماندوو بکەم؟

ئەو قسانە وای کرد هاوڕێیەکانی وردە وردە لێی کشـانەوە و نێوانیـان لەگەڵیدا نەما، تەنانەت ئەو خواردنەیشیان لێی بڕی کە جاران دەیانـدا

پێی، هەتا لە برسیدا نەمرێت. زۆریان گوت پێی: هەموومان بەئیشەوە جوانین، ئەوەی کار نەکات، دەبێ سەری خۆی هەڵبگرێت و لەم مەملەکەتە بڕوات، ئیتر دەچێتە کوێ ئەوە کەیفی خۆیەتی.
مێروولە خرپنەکە هەر حەزی لەو تەمبەڵییە بوو، کە زانیشی هاوڕێکانیشی بێزار بوونە لە یارمەتیدانی و ئەگەر تەگبیرێك لە خۆی نەکات، لە برساندا دەمرێت و کەس خواردنی ناداتێ، بە ناچاری سەری خۆیی هەڵگرت، بەرەو مەملەکەتێکی دیکە بڕوات بەو نیازەی لەوێ بەبێ ئیش، تەنها بخوات و بخەوێت و بگەڕێت.



مەملەکەتەکەی خۆیانی بەجێ هێشت، ڕۆیشت، ڕۆیشت تا گەیشتە شارە مێروستانێکی دیکە و تووشی سوورە مێروولەییەك بوو، بە دەم نزا و پاڕانەوە، کەوتە کڕووزانەوە و گوتی: من لە دایك و باوکم توورە بوومە و سەری خۆمم هەڵگرتووە، ئەرێ میوان ڕاناگرن؟

مێروولە سوورەکە بەزەیی پێیدا هاتەوە، گوتی پێی: جا ئەگەر میوان پێمان ڕازی بێت، لەسەر سەر و لەسەر چاوی دادەنێین، فەرموو فەرموو تۆ میوانی منی.
سێ ڕۆژی ڕەبەق مێروولە سوورەکە خزمەتێکی باشی مێروولە خرپنەکەی کرد، بێ ئەوەی خرپنەکە، دار لەسەر بەرد دانێت، تەنها دەخەوت و دەیخوارد و دەگەڕا و دەسووڕاوە.

مێرووله سوورەكه له چوارەمین ڕۆژدا گوتی پێی: قسەیەك هەیە حەز دەكەم پێتی بڵێم كه لەم مەملەكەتەی ئێمەدا یاساییەك هەیە ئەوەی ئیش نەكات و خزمەتی ئەم مەملەكەته نەكات شار بەدەری دەكەن.

مێرووله خرپنەكه كه بیری لەو قسانه كردەوە، لە خۆی گەیشت، لە دڵی خۆیدا گوتی: جا ئەگەر من هەر ئیش بكەم و خزمەت بكەم، وا باشە بگەڕێمەوە بۆ مەملەكەتەكەی خۆم و خزمەتی شارە مێرووله‌كەی خۆمان بكەم.

هەر لەوێ بڕیاری دا بكەوێتە خۆ و لەمەودوا واز لەو تەمبەڵییە بهێنێت.

دوای دۆعاخوازی له مێرووله سوورەكه، بەرەو مەملەكەتەكەی خۆیان گەڕایەوە.


* * *



*مەملەكەتی: شارە مێروستان مێرووله‌یشی پێ دەڵێن

ئەم چیرۆكە لە ژمارە(١١١٨)ی ساڵی٢٠١١ی ڕۆژنامەی( هەولێر) بلاو بۆتەوە

# مانگایـــەکـــی بـەڵــەك



هـــەبوو نـــەبوو، مانگایـــەکی بەڵـــەك هـــەبوو، بەیانییـــەکی زۆر زوو، خاوەنەکەی دەرگای پشتیرەکەی لێ کردەوە تاوەکوو بیباتـە لـەوەڕ، حەزی کرد پێش ئەوەی خۆی بگۆڕێت و نانەکەی بخوات، پێشـوەختە ڕەوانەی ئەو ناوەی بکات تـا بـۆ خـۆی لـەو دەوروبـەرە چـی بکەوێتـە بەرچاو، بیخوات.

برسـیەتی وەهـا تـەنگی بـە مانگاکـە هەڵچـنی بـوو، لـە چـاوەڕوانی خاوەنەکـەی نەوەسـتا بێتــە دەرەوە و بـەرەو ئـەو دەشـت و دەرەی ببات، کەوتە گەڕان و سووڕان تا باخچـەیەکی گشـتیی کـردە دی، بـەو دیمەنە چاوی زەق بووەوە، ئاو کەوتە دەمی، پێـی هـەڵێنا، خێـرا کـە دیتی ئـەوە دەروازەکـەی کراوەتـەوە، لـەوێوە چـووە نـاو باخچـەکە و دەستی کرد بە خواردنی گوڵەکان.

یەکێك لە گوڵەکان لێی بە جواب هات و وتی: هەی مانگا قەت شـەرمت بە خۆ نییە ئازارمان دەدەیت، وامان لـێ دەکـەیت لێـت تـووڕە ببین، ئـەی تـۆ نـازانی ئێمـە بـۆ خزمـەتی مـرۆڤ خوڵقـاوین و بۆ ئەوانـە ئـەو

شـــوێنەمان بـــە گـــوڵی جـــوان و ڕەنگـــاوڕەنگ ڕازاندووەتـــەوە و شوێنەکەمان بۆنخۆش کردووە.
مانگاکە دایە قاقای پێکەنین و وتی: جا منیش چیم لـەئێوە کـەمترە؟ وەك و ئێوەم، بەڵام من لەئێوە بۆ مرۆڤ سوودم زیاترە، ئەوەتـە مـرۆڤ گۆشـتـەکەم دەخـوات، لـە شـیرەکەم ماسـت و دۆ و کەشـك و پـەنیر دروست دەکات و پێستەکەیشم دەکاتـە قـایش و جانتـا و پـێڵاو و زۆر شتی تر.
گوڵەکـە وتـی پێـی: ئـاخر ئێـرە بـاخی گشـتییە و لـەوەڕگا نییـە تـا بەکەیفی خۆت بچیتە ناوی و چیت کەوتـە بەرچـاو بیخۆیـت، تەنانـەت خاوەنەکەیشت ئەو مافەی نییە تۆ ڕەوانەی ئێـرە بکـات و زەرەر بـەم شـوێنە بگـەیێنێت کـە ڕۆژ نییـە خـەڵکێکی زۆر بـۆ هـەواگۆڕین و بـۆ حەوانەوە ڕووی تێ نەکەن و لێرەدا پشوویەك نەدەن.



هەنگێك بە ئاسمانی ئەو دەوروبەرەوە دەسووڕایەوە، کاتیٚ گوێی لەو دەمەتەقێیە بوو، لەسەر یەکێك لە گوڵەکاندا نیشتەوە و وتی: مانگا گیان وەك و ئەو گوڵە منیش تکات لیٚ دەکەم دەست لە خواردنی ئەو گوڵانە هەڵبگریت، چونکە بەو کارەی تۆ دەیکەی نەك زیان بەوان، بەڵکوو زیان بە منیش دەگەیێنیت، ئەی نازانی هەموو مرۆڤیٚ سوود لە هەنگوینە پاراوەکەی من وەردەگرن؟ هەنگوینەکەی من بۆ مرۆڤ زۆر بە سوودە، ئەگەر ئەو گوڵانە نەبن کە لە سەر گوڵەکانیان بنیشمەوە و شیلەکەیان هەڵبمژم، منیش هەنگوینم نابیٚ، بۆیە هەردوو لامان بەیەکەوە جوانین، هەر ئەوەش وایکردووە درێژە بە ژیان بدەین، سەیریشم پیٚ دێت خاوەنەکەت ئەو هەقەی بەخۆی داوە بیٚ پرسی تەواوی خەڵکی ئەو ئاواییە، تۆی بەرەڵای ئێرە کردووە!



مانگاكه نەختێك بیری لەو قسانه كردەوە، هەستی بـه پەشـیمانییەكی زۆر كرد و وتی: ببووره خاوەنەكەم ئاگای لەم هاتنەی من نییـه، بۆیـه داوای لێبووردن له هـەمووتان دەكـەم و لێـرەوە بـەڵێنتان پـێ دەدەم چـیتر ئازارتـان نـەدەم و لەمـەودوا هـەرگیز نەچـمه شـوێنێك كـه بـۆ بەرژەوەندی گشتی دروست كرابێت.

ئــەوانیش بــۆ ئــەو كــاره جوانــەی مانگاكــه كــردی، سوپاســیان كرد.كـاتێكیش مانگاكـه ئـاوڕی دواوەی دایـەوە و خاوەنەكـەی خـۆیی بینی، به دەم زەردەخەنەیەكی گەشەوە وتی: ئەوە خاوەنەكەم پەیـدا بوو، وا دیاره هاتووه به دوامدا بمباته لەوەڕ، دەی خواحافیز.

هەنگ و گوڵەكان بەیەك دەنگ وتیان: خوا له پشتت.

* * *

<u>تێبینی</u>:

*پشتیر: شوێنی ڕاگرتنی مانگا و گوێلك و گوێرەكه.

*بەڵەك: ڕەش و سپی: بازگ.

*دەروازه: دەرگای گەوره.

* دەمەتەقێ: گفتوگۆ.

* كەشـك: لـه هاوینـان شـیر كـه هـەوێن دەكـرێ و دەبێتـه ماسـت، ماسـتەكه دەكرێته ناو پارچه قوماشێكی خام و به دارەوه دەكرێ، واتا هەڵدەواسـرێ تـا كزر و ئاوەچۆڕ دەبێت، ئەوجا دایدەگرن و به دەست توند دەیگوشن، دەیكەنه چـەند ئـەنگوتكێكی وەك و ئـەنگوتكی نـان تـا ئـەو ئـاوەی لـه نـاو ماسـتەكه ماوەتەوه، ئەویش نەهێڵن، پاشان دەیخەنه سەر سینییەك و بـۆ مـاوەی چـەند ڕۆژێ لەبەر خۆری هەڵدەخەن تـا تـەواو وشـك دەبێتـەوه و پاشـان بـۆ زسـتان هەڵیدەگرن، ئەوجا چ به چایەوه دەیخۆن یان دەیكەنه چێشت وەك و چێشتی( كەشك به دۆ) یان( گەنم به كەشك) و لەو بابەتانه.

**ئەم چیرۆكە لە ژمارە(١١٣٤)ی ساڵی٢٠١١ی ڕۆژنامەی( هەولێر) بلاو بۆتەوە**

# ئاقیبـــەتی ستـــەم



هەبوو نەبوو، شێرێکی زۆرداری ستەمکار هەبوو، ملـی بـەهیچ نـەدەدا، هــەر کەســێ سەرپێچـی بکردایـە لـە فەرمانـەکانی، پـەلاماریی دەدا و دەیکەشت.

گیانەوەران دەبـوو هـەموو ڕۆژێك لـە بـەردەم لانەکـەی دەسـتەوئەژنۆ بووەسـتن، چـاوەڕوانی فەرمایشـتەکانی بـن، ئەمـەیش ببـووە مایـەی بێزارییان، نەیاندەزانی چی بکەن؟ سـەری خۆیـان بـۆ کـوێ هـەڵگرن؟ کەسێکی وەهایشیان تێدا نەبوو لێی هەڵگەڕێتەوە، بچـێت بـە گژیـدا و بەرەنگاری ببێتەوە.

ڕۆژێکیان گورگێگ هەر ئەوەندە وتی: پادشا، تۆ دەمانچەوسێنییەوە، زوڵممان زۆر لێ دەکەیت و هەق نییە.....

شێرەکە نەیهێشت قسەکانی تەواو بکات، لێی داڕسا، پەلاماریی دا و تەمبێی کرد. کاتێك بە ڕقەوە ڕووی کردە مام ورچ و وتی: تۆ زل و زەبەلاحی، دەبێ هەر ئێستا بچییە دەم ڕووبار و ماسییەکی گەورەم بۆ ڕاو بکەیت.

مام ورچ لە ترسان ستایشی قسەکانیی کرد و بێ یەك و دوو ڕۆیشت، ئەوەندەی نەبرد بە خۆ و ماسییەکەوە هاتەوە، ماسییەکەی لە بەردەمیدا دانا، شێریش زەق زەق بەپێش چاویانەوە کەوتە خواردنی ماسییەکە و بەشی کەسیشی نەدا! دڵی بەو ماسییە دانەکەوت، ئەوجارەیان ڕووی کردە ڕێویلە و بە تووڕەییەوە وتی: تۆ بە ڕێوی فێڵباز ناوت ڕۆیشتووە، دەبێ هەر ئێستا بچییە ئەو گوندەی تەنیشتمان و گورجێك مریشکێکم بۆ بهێنیت و بێیتەوە.



ڕێوییەکـەیش بـە تـرس و لـەرزەوە سـەری بـۆی دانوانـد و ڕۆیشـت، هێنـدەی نەخایانـد مریشـکێکی هێنـا و هاتـەوە، مریشـکەکەی نایـە بـەردەمی، دیسـان شـێرەکە زەق زەق بـە بـەر چـاویانەوە کەوتـە خواردنی مریشکەکە و بەشی کەسیشی نەدا.
ئـەوجا لـە جێـوە چـاوی نایـە سـەر یـەك، سـەرخەوێکی شـکاند، کـە خەبەری بووەوە، بۆ هەنجەتپێگرتن ڕووی کردە کەروێشکی دانا و بـێ ئەوەی گێزەری پێ بخورێت، وتـی: دەمـەوێ تـۆیش هـەر ئێسـتا بچـی پاشولێك گێزەرم بۆ بهێنی و بێیتەوە !
کەروێشکەکە وەلامی دایەوە: ئاخر قوربان گێزەر تەنها لە کێڵگەکانـدا هەیە، مرۆڤـەکان خۆیـان دەیچێنن و لـە نزیکـەوە چـاودێری دەکـەن، ئەگەر هەر دەڵێی، بۆ لە سەرم ڕاناوەستی تاوەکوو شەو دادێت و ئـەو وەختە بە ئاسانی چەندت دەوێ، بۆتی دەهێنم.



شێرەکە لێی مڕ بووەوە: ئەوە چ قسەیەکە دەیکەیت؟ دەبڵێ ناچم تـا نووکە چارەت بکەم و لە کۆڵت بکەمەوە !

کەروێشکەکە زانیی قسەکردن لەگەڵیدا بێسوودە، سەری ڕەزامەندیی داگرت بۆی و ڕۆیشت.
کاتێك کەروێشکەکە گەڕایەوە هیچی پێ نەبوو، بیرێك کەوتە مێشکیەوە، وتی: گەورەم گێزەرێکی زۆرم هێنا و هاتمەوە، بەلاّم بە دەم ڕێگەکەوە شێرێکم لێ پەیدا بوو، هەموو گێزەرەکەی لێ سەندم، چەندی وتم: ئەمە هی پادشایە لێمی مەستێنە، کەوتە گاڵتە کردن و وتی: چ! پادشای ئێوە چییە ئێوە وا لێی دەترسن، خەریك بوو پەلامارم بدات، هەر بە ڕاکردن خۆمم لەبن دەستی قوتار کرد.
شێر پادشا بەو قسانە ڕقی هەڵستا، ڕاست بووەوە و وتی: کوا؟ ها لە کوێدا؟ تا بچم بە گژیدا.
کەروێشکەکە وتی: ئەوەتا چووەتە ناو ئەو چالاّوەوە بۆ خۆی خەریکە گێزەرەکان دەخوات!
شێرەکە چووە سەر بیرەکە و کە سەیری ناو بیرەکەی کرد شێرێکی بینی بەلاّم نەیدەزانی ئەوە هەر وێنەکەی خۆیەتی کەوتووەتە ناو ئاوەکە، نەڕاندی بە سەر وێنەکەدا، نەڕەکەی لە ناو چالاّوەکەوە دەنگی دایەوە وای زانی ئەویش نەڕاندوویەتی بە سەریدا، ویستی پەلاماری بدات یەکەوسەر بەسەرەوە کەوتە ناو بیرە ئاوەکە و خەڵکی دارستانەکە ڕزگاریان بوو لێی و دەستخۆشانەیشیان لە کەروێشکە زیرەکەکە کرد.



*چالاّو: بیری ئاو

**ئەم چیرۆکە لە ژمارە(١١٣١)ی ساڵی٢٠١١ی ڕۆژنامەی( هەولێر) بلاّو بۆتەوە**

# ژینگــــەی پــاك، ژینـــی ســاغ



هـەبوو نـەبوو، چـەند چـــەقەڵ و گـــورگ و ڕێـــی و کـــەمتیارێك هــــــەبوون، لـــــە ناوچـــەیەکی دیــاری نــاو دارســـتاندا بـــە یەکـــــەوە گـــــرد ببوونـــــەوە، بـــــە خۆشییەوە دەژیان. ڕۆژێکیـــــــان ڕەوە شێرێك کتوپڕ بەسەریاندا دەدەن، ئیدی هەرچی خانۆچکەیەك هـەبوو، هـــەموویان تێـك دان و پـــەلاماری ئـــەو چـــەقەڵ و گـــورگ و ڕێـــوی و کەمتیارانەیشـــیان دا کـــە بەچـــکە بـــوون و گۆشـــتەکەیان ناســك بوو.گەورەکانیش دەیانزانی دەرەقەتیان نایەن و هیچیان پـێ ناکرێـت و ناتوانن بەرەنگاریان ببنەوە، بە هەڵەداوان تێیان تەقاند و بە کۆمەڵ ڕایانکرد و لە ترسی گیانیاندا ئەو شوێنەیان بـەجێ هێشـت، ڕۆیشـتن، ڕۆیشـتن تـا لـە دۆڵێکـی تەنغەبـەر سەرچـاوەیان گـرت کـە کـەوتبووە شوێنێکی لاچەپ و هیچێکی بەسەرەوە نەبوو.

لەوێ پشووییەکیان دا و ماندوویەتییەکەی خۆیان حەساندەوە، ئەوجا بە هاوکاریی یەکدی دەستیان بە ئاوەدانکردنەوەی ئەو شـوێنە کـرد و درێـژەیان بـە ژیـان دا، وەلـێ ئـەوەی ببـووە مایـەی دڵتـەنگییان کـە هەمیشە پەرۆش و خەمبار بن، ئەوە بوو کە هەر کامێکیان بەچکەیان

دەبوو، بێچووەکانیان ئەوەندە نەدەژیا، یەکسەر مردار دەبووەوە و دەمرد.
ڕۆژێکیان کەروێشکێکی زیرەك بەو دەوروبەرەدا ڕادەبووری، کاتێك چەقەڵ چاوی پێ دەکەوێ، لیکاوی لەدەم دێتە خوارێ و دادەڕسێ پەلاماری بدات، مام گورگ ڕێی پێ نادات، دەڵێت: حەز ناکەم ئەو کارە بکەیت، وازی لێ بهێنە، بیستوومە دەڵێن کەروێشك حەکیمە، بۆ هەر ئیشێ تەگبیری باشی لایە، چۆنە تاقیی بکەینەوە بەشکەم چارەیەکی پێیە بۆ ئەو گرفتەی ئێمە.
چەقەڵ نەرمیی نواند و گوتی: خۆ ئەوەیش وایە، دەی با قسەی لەگەڵ دا بکەین.





گورگەکـە لـە دوورەوە بـانگی کـرد: کەرویشـکەفەندی مەترسـە، وەرە پێش، پێویستمان پێتە، دەمانەوێ یارمەتیمان بدەیت.
کەروێشکەکە سەرەتا ترسا، بۆیـە لـە دوورەوە وتـی: جـا ئیشـەکەتان چییە تاوەکوو یارمەتیتان بدەم؟
چەقەڵەکە لە نووکەوە بەسەرهاتی خۆیانی بۆ گێڕایەوە و دواتـر وتـی: زۆر لێت مەمنوون دەبین ئەگەر تەگبیرێکمان بۆ بکەی، لـەو خەمـەمان قوتار بکەیت و دڵیشمان خۆش.
کەروێشکەکە کە زانـی ئـەو قسانەی دەیکـەن هـیچ نیـازێکی خراپیـان نییـە، بـە ئەسـپایی ڵێیـان چـووە پێشـەوە، دوای چاکوچۆنی، وتـی: دەکرێ ئەم شوێنە و شوێنی حەوانەوەتان ببینم؟
بە شانازییەوە وتیان: فەرموو، فەرموو.




کەرۆێشکەکە چاوێکی بەو دەوروبەرەدا گێڕا، نەختێ بیری کردەوە، ئەوجا بەدەم زەردەخەنەیەکی گەشەوە وتی: ئەگەر لە قسەم دەرناچن بۆ ئەوە بێچووەکانتان بژێن و نەمرن، من چیتان پێ دەڵێم، دەبێ بە گوێم بکەن، یەکەم: ئەو گۆمە ئاوەی ئاوی لێ دەخۆنەوە، سەرلەبەری ئەو گۆمە پیسە هەڵچنن و پاکی بکەنەوە و ئینجا با ئاوی تێ بزێتەوە و ئەوجا بخورێتەوە، چونکە ئاوێك پیس بووبێت، نابێ بخورێتەوە. یەکەودوایش دەبێ هەریەکەتان لە ڕاست خۆیەوە دارێك، نەمامێك بڕوێنێ و بەر دەرگاکانتان بە گوڵ و گوڵزار بڕازێننەوە، ئەوە من ڕۆیشتم، پاش ماوەیەکی دیکە دێمەوە و سەردانتان دەکەم، ئەگەر هیچێك ڕووی نەدابوو، ملکەچی هەر بڕیارێك دەبم ئێوە دەرهەق بە من بیکەن.

کەروێشکەکە ماڵئاوایی لێ کردن و ڕۆیشت. هەر دوای ئەو، بە هەموویان گەلەکۆمەکیان کرد و پێکەوە بە دەستەوا، گۆمە کوێربووەکەیان خاوێن کردەوە و جارێکی دی هەڵیانچنی، پاشان کەوتنە خۆ و داریان چاند، پێش دەرگاکانیان بە گوڵ و گوڵزار ڕازاندەوە.

ماوەیەك بەسەر ئەو ڕۆیشتنەی کەروێشکەفەندی تێپەڕی، کاتێك هاتەوە و تەماشای کرد ئەوە پڕ بووە لە بەچکە چەقەڵ و ڕێوی و گورگ و کەمتیار، بەو دیمەنە کۆڵێ کەیفساز بوو.

مام گورگ لە دوورەوە کە چاوی بە کەروێشکەکە کەوت، بانگی کرد و هەمووان بە خۆشحاڵییەوە چوونە پێشوازی، بازنەیان لە دەوری بەست، مام گورگ بە ناوی هەموانەوە سپاسی کەروێشکی کرد و وتی: ئەگەر تەگبیری ئەو کەروێشکە نەبووایە ئەوە ئەم شوێنە قڕی تێدەکەوت و هیچمان بە زیندوویی نەدەماین و دەمردین.



کەروێشــکەکەیش بــەدەم زەردەخەنەیەکــەوە ڕووی تێکــردن و وتــی: هەمووەمان هەوای پاك هەڵدەمژین، ئەو هەوایە ئۆکسجینی پــێ دەڵــێن، هــەمووەمان کــە ئۆکســجین هەڵدەمــژین، دووەم ئۆکســیدی کــاڕبۆن دەدەینەوە کە گازێکی کوشندە و دژوارە، جا بۆ ئــەوەی ژینگەکــەمان هەمیشە سەوز و پاك بێت، دەبێ نەمام بڕوێنین، چونکە نــەمام دووەم ئۆکسیدی کــاڕبۆن هەڵدەمــژێ و ئۆکســجینمان دەداتــێ، ئەمــەش ئــەو هەوا پاکەیە هەمووەمان پێویستمان پێیەتی، ئەو بەچکانەیشی لێرە لــە دایك دەبوون و هێندە نەدەژیان و زوو دەخنکان، هەمووی بەهۆی ئەو گازەوە بووە، بۆیە تــا پێتــان دەکــرێ دار بــڕوێنن و شــتێك مــەخۆن و مەخۆنەوە، ئەو شتە پیس بێ.

هەموویان بە یەکدەنگ وتیان: ئەگــەر یــەك ڕۆژمــان لــە ژیانــدا مــابێ و نەمامێکمان بەدەستەوە بوو، نەمامەکە دەڕوێنین.

* * *



ئەم چیرۆکە لە ژمارە(١١٢٢)ی ساڵی٢٠١١ی ڕۆژنامەی( هەولێر) بلاْو بۆتەوە

# ســــــــووره ماســــــــی



هــەبوو نــەبوو، لــە مەملەکــەتی ماســییاندا، سووره‌ماســییەك هــەبوو، کابرایەکی ماسیگر ڕاوی دەکات و دەیخاتە حەوزێکی شووشەی پــڕ لــە ئاوەوە.

دوای سالێکی ڕەبــەق، ڕۆژێکیــان یــەکێك لــە منداڵــە بچووکەکانی ئــەو کابرایە کە ماڵیان لە گوێی ڕووبارەکەدا دەبێت، بە دزییەوە ماسییەکە لــە حەوزەکــە دەردەهێنێــت و دەچــێتە دەم ڕووبارەکــە و ماســییەکە دەخاتەوە ئاوەکە، تۆمەز هەروا دەزانیْ ماسییەکە مــاڵی بــووە، ئیــدی بچــێت بــە هــەر شــوێنێکدا، ئــەوە ڕێگــا و ڕێگــا دەگەڕێتــەوە، کەچــی ماسییەکە ئەمەی بە دەرفەت زانی، خێرا بە هۆی کلکی ســەر پشــت و باڵەکانی تەنیشتییەوە بەرەو قووڵایی ڕووبارەکە ڕۆیشت.

چەند ماسییەکی هاوڕێی کاتێك بینییانەوە سەرسام بوون، پێیان سەیر بوو خۆ ئەو، مانگێگ لەمەوبەر شتێك لەسەر زەوییەوە لە ئاوەکەی ڕاکێشا و بردیی، ئیدی چۆن ناو ئاوەکەی جێ هێشت، نەهاتەوە.

هەواڵی گەڕانەوەی ماسییە سوورەکە بلاّو بووەوە، هەر جۆرە ماسییەك* لەو شوێنەدا هەبوون، هەموویان لێی کۆبوونەوە تا بزانن دوای ئەوەی لە ئاو هەڵیانکێشا و ڕاوییان کرد، بەرەو کوێ بردوویانە و چەی بەسەردا هاتووە؟

سوورەماسییەکە بە دەم زەردەخەنەیەکی گەشەوە ڕووی تێ کردن و گوتی: ئەوەی من لە مرۆڤەوە بینیم، مرۆڤە لەشساغەکان ئەوانەن ڕۆژانە وەرزش دەکەن، بەم دوو چاوانەی خۆم چەند شتێکم لێ بینین، ئەگەر حەز دەکەن ئەو شتە بزانن، فەرموو من چیم کرد، ئێوەیش وەها بکەن.

خۆی بۆ سەرەوە قیت کردەوە، لەسەر کلکی ڕاوەستا، کەوتە خۆنووشتانەوە بەم تەنیشت و ئەو تەنیشتیدا و ئەوانیش هەر وەك ئەویان دەکرد، هەمووان بە خۆشحاڵییەوە وتیان: بەڕاستی وەرزشێکی خۆشە و تا بۆمان بلوێ، بۆ لەشساغیمان تا ماوین وازی لێ ناهێنین.





ئەوجا سوورە ماسییەکە گوتی: یارییەکی زۆر گرنگی تریش هەیە، ئەویش ئەوەیە بە کۆمەڵ پێشبڕکێ بکەین، فەرموو ئەو تەبەدۆرەی وا لەو دوورە سەرئاوەکە کەوتووە، ئامادە بن من تا سێ دەژمێرم، پێکەوە خۆتان بگەیێننە تەبەدۆرەکە و کلکێکی لێ بدەن، ئینجا کامەتان زووتر گەڕایەوە، ئەوە بردوویەتیەوە، دەی ئامادەن؟

بە یەکدەنگ گوتیان: بەڵێ.


سوورەماسییەکە گوتی: یەك..دوو.. سێ.

ماسییەکان بەیەکجار بەرەو تەبەدۆرەکە ڕایانکرد و گەڕانەوە، سوورە ماسییەکە پیرۆزبایی لە یەکەم و دووەم و سێیەمیان کرد و پاشان وتی : دوا شت ئامۆژگاریتان بکەم تا لەژیان پارێزراوبن، ئەگەر مرۆڤ بییەوێ ڕاوتان بکات، وایەر و قولابی نووك تیژ دێنێ، سەری قولابەکە بە کرمی بچووك یا هەویرەوە دەکات، زیرەکن دەزانن ئێوە حەزتان

لەو شتانەیە، بۆیە خۆتانی لێ بەدوور بگرن وە ئەگینە بە قولابەوە ببن ڕزگارتان نابێ، خۆ ئەگەر تۆڕیان نایەوە، تۆڕەکانییان کوناو دیوە، دیسان لە ئەوەیشیاندا خۆتان بپارێزن دەنا هەر هێندە پەڕەی پشتان بە داوەوە بوو، زەحمەتە لێی قوتار ببن.

هەندێك لە ماسییەکان گوتیان: ئامۆژگارییەکانت بەڕێ و بەجێیە، تا پێمان بکرێ خۆمانی لێ بەدوور دەگرین.

کەچی هێندێکی دیکەیان گاڵتەیان بە ئەو قسانە هات، دایانە قاقای پێکەنین و وتیان: ئەگەر ئێمە زیرەك بین، بەزیرەکی خۆمان دەم لەو کرم و هەویرەی نووکی قولابەکە دەدەین و دەیخۆین، بێ ئەوەی بمانگرێت، خێرا ڕادەکەین، خۆ ئەگەر تۆڕیشیان نایەوە، مادام تۆڕەکە کوناودیوە، ئەوە هەر ترسی نییە و قەت لەوە باشتر نییە بەناوی پاریکردنەوە بە ناویدا هاتوچۆ بکەین.



سووره‌ماسی وتی: ئه‌وه من پێموتن، ئێوه‌ش به‌قسه‌م ده‌كه‌ن ناكه‌نن كه‌یفی خۆتانه، ئاگاداربن هه‌موو یارییه‌ك یاری نییه.

وه‌لێ كه‌س گوێی لێ نه‌گرت و هه‌موویان ڕۆیشتن.

له‌و ڕۆژه‌وه ئه‌و ماسییانه له‌هه‌ر شوێنێكدا تۆڕه‌كه هه‌ڵبدرێت، خۆیانی لێ نزیك ده‌كه‌نه‌وه، هه‌ندێك جار ده‌م بۆ ئه‌و كرمه یا ئه‌و هه‌ویره ده‌به‌ن و ده‌یخۆن و ڕاده‌كه‌ن و زۆر جاریش له‌ده‌ستی ماسیگره‌كان قوتاریان نابێ و پێوه ده‌بن، ئه‌وه‌نده‌یش به ناوی یاریكردنه‌وه به ناو تۆڕه‌كان بێن و بچن، دیسان ئه‌وه‌نده به‌سه تا په‌ڕه‌كانیان به داوه‌وه ببێت، ئیدی به تۆڕه‌كه‌وه ده‌بن و قوتاریان نابێ.

* * *



تێبینی:

*( مارماسی – ماسی گوپه‌ڵه – هووله – سلس – بزه – جوڕی – سپیلكه – ڕه‌ش – پانكه – گورگه) ناوی هه‌ندێك له‌و ماسییانه‌ن كه‌م تا زۆر له ڕووباره‌كانی كوردستاندا هه‌ن.

**ئه‌م چیرۆكه له ژماره(١٠٩٦)ی ساڵی٢٠١١ی ڕۆژنامه‌ی( هه‌ولێر) بڵاو بۆته‌وه**

# سمۆرەیــەکــی قرچــۆك



هەبوو نەبوو،سمۆرەیەکی ڕووخۆشی بەساڵاچوو هەبوو، زۆر قرچـۆك و ڕژد و ڕەزیـل بـوو، لـە نـاو ماڵەکەیـدا بـە نهێنـی کۆگایـەکی گـەورەی دروست کردبوو، پڕی کردبوو لە گوێز، بەجۆرێ بەشی چەند ساڵی دانا بوو کەچی نەخۆی تێری لێی دەخـوارد، نـە بەشـی کەسیشـی دەدا با میوانیشی بوویا !

سمۆرەکان بە باپیرە گـەورە بانگیـان دەکـرد و ڕێزیـان لێـی دەگـرت، ئەگەر یەکێك بیگوتبایە باپیرە هیچت پێویست نییە؟



بیٚ شەرمانە دەیگوت: من پیر بوومە، تاقەتی گەڕان و سووڕانم نییە، گەر حەز دەکەن خزمەتم بکەن ئەوە کە هاتنە ئێرە، چونکە لە ماڵەوە هیچم نییە بیخۆم، لەگەڵ دەستی خۆتاندا گوێزم بۆ بهێنن.

سمۆرەکانیش هەر کامێکیان ئەگەر یەك کاکڵە گوێزییان بدوزیایەتەوە، ئەوە نیوەی بۆ خۆی دەیخوارد و نیوەکەی دیکەی دەدایە باپیرە گەورە.


ساڵێکیان لە بێبارانی و قات و قڕیدا دارگوێزەکانی ئەو ناوچەیە هەر هەموویان وشك داگەڕان. سمۆرەکان کەوتنە خۆیان، تا هەر چۆنێك بووە بەرگەی ئەو بەلاّ و بیٚ تفاقییە بگرن و لە ناو نەچن، کەوتنە یارمەتیدانی یەکتر، بە کولۆجێك لە ئەو بەشەی هەیانبوو، ڕۆژانە نەختێکیان بۆ باپیرە گەورە دەبرد، ئەویش بیٚ ئەوەی حیساب بۆ ئەو

گوێزە زۆرە بکات کە بەشی ئەو ساڵەی هەموو سمۆرەکانی دەکرد کە شاردبوویەوە، ئەوجا چاوی لە ئەوە بوو سمۆرەکان گوێزی بۆ ببەن.
لەو ماوەیەدا بەرە بەرە گوێزەکان تەواو دەبوون، چەند سمۆرەیەك لە برساندا مردن، چەند سمۆرەیەك چوونە سەردانی باپیرە گەورە و گوتیان پێی: باپیرە هیچمان لە ماڵدا نییە بیخۆین ئەگەر شتێکمان بدەیتێ؟!
ئەویش بە هەڵپەیەکەوە دەیگوت: جا من بۆ خۆم خێرم پێ بشکێ و هیچم نەبێ، چی بدەمە ئێوە؟!
هەر لەو شەوەدا سمۆرە گەورە بە هۆی نەخۆشییەکی کتوپڕەوە مرد، کەس ئاگای لێ نەبوو، ڕۆژی پاشتر یەك لە سمۆرە برسییەکان دەچێتە سەردانی، تەماشا دەکات ئەوە باپیرە گەورە مردووە، بە قورگی پڕ گریانەوە خێرا ئەو هەواڵە بڵاو دەکاتەوە.



گەورە و بچووك لە خەمان دەچنە بەردەم ماڵەكەی و دەست دەكەنە گریان و فرمێسكڕشتن، بەڵام لە ناكاو بارودۆخەكە گۆڕا، ئەوەی وای كرد تەواوی سمۆرەكان دەست لە گریان هەڵبگرن و دەست بكەنە شایی و خۆشی، ئەو سمۆرە برسییە بوو كە چووبووە ناو ماڵەكەی باپیرە گەورەوە و لە گەڕان و سووڕاندا كۆگاكەی دۆزییەوە، بەمەیش هەرچی گوێزی تێدا بوو هەمووی دەركرد و بە دادپەروەری گوێزەكانیان بەسەر خۆیان دابەش كرد، ئەو خۆشییە وای لێ كردن كەس خەفەتی لێ نەخوات، تەنانەت یەك لە سمۆرە برسییەكان گوتی: ئەو باپیرە گەورە چاوچنۆكە ڕەزیلە ئەگەر لەو كوێزانەی لێرەدا شاردبوویەوە بەشی هەموومانی بدایە، نە ئەو چەند سمۆرە لە برسا دەمردن و نە ئێمەش ئا ئەوها بە مردنی خۆشحاڵ دەبووین.

* * *



ئەم چیرۆكە لە ژمارە(١٠٨٦)ی ساڵی٢٠١١ی ڕۆژنامەی( هەولێر) بلاّو بۆتەوە

# ئـــــالاّی کــوردستــان




بەشی یەکەمەکەی

هــەبوو نــەبوو، مشــکێکی بزێــو هــەبوو، لــەپێناو فێربــوونی زانســت و زانیاریدا، سەری بە هەموو کونج و کەلەبەرێکدا دەکرد، ڕۆژێکیـان لـە نزیك قوتابخانەیەکەوە کونێکی لیّ دا، هەر ڕۆیشت و ڕۆیشــت، کاتێـك خۆی دۆزییەوە ئەوە چووەتە ژووری وێنەکێشـان. چاوی ئەبلّـەق بـوو وەك تەماشــای کــرد ئــەو ژوورە بــە جۆرەهــا گــوڵی ڕەنگــاوڕەنگ ڕازابووەوە، دەیـان تـابلۆی جـوان جـوان بـە دیـوارەوە هەڵواسـرابوو. لەسەر مێزێکی دوور و درێژیشدا یـەك کۆمـەڵ کاغـەز و گـەلێك فلّچـە و بۆیە و ئاوڕەنگی دانراوە، کە بیری لەو شتانە کردەوە، لـە دەروونـەوە گوتی بە خۆی: ئاااااای خوایەگیان دەبیّ ئەو شتانە چی بن؟ بۆ چـی بە کار بێن؟

کتوپڕ لە جیڕە جیڕی کرانەوەی دەرگاکەدا، بە ڕاکردن خـۆی کـردەوە کونەکەیدا و بە ئاستەم سەرەتاتکێیەکی کـرد تـا بزانێـت لـەو ژوورەدا چی ڕوو دەدات، سەیری کرد ئەوە مامۆستایەك و ژمارەییەکی بەرچـاو

لـه قوتابیـانی یـەك لـە پۆلـەكان هاتنـە ژوورەوە، بـە هێمنــی لـە دەوروبەری مێزەكەدا ڕاوەستان.
مشكەكە گوێی ڕادێرا، مامۆستاكەی بینی بـە دەم زەردەخەنەیەكـەوە ڕووی كـردە قوتابییـەكان و گـوتی: قوتابییـە خۆشەویسـتەكان، لـە وانەكانی پێشوودا باسمان لەوە كرد، گوتمان دوانزدە ڕەنگمان هەیـە، (سوور و زەرد و شین) لە ڕەنگـە سـەرەكییەكانن و پەلكەزێڕینـەیش* لە حەوت ڕەنگ پێك هاتووە كـە لـە دەركـەوتنی خـۆری پـاش باراندا دەردەكـەوێت. لـە وانەكـەی ئەمڕۆشمانـدا باسـی تێكـەڵكردنی چـەند ڕەنگێك دەكەین بزانین بە تێكەڵكردنیان چ ڕەنگێكمان بۆ دەردەچێت، هەمووتان چاوتان لێم بێت.
مامۆســتاكە بــە هێواشــی دەســتی دایــە قەڵەمەكــە و لەســەر تەختەنووسین(سەبوورە)كەدا نووسی:
شین + زەرد = سەوز
سوور + زەرد =پرتەقاڵی
ڕەش + سپی = ڕەساسی(سلڤەر)
شین + سوور = مۆر
ڕەش + سوور =قاوەیی
ئەوجا ڕووی كردە قوتابییـەكان و گـوتی: ئێسـتاش دێـن بـە كـردەوە ئەو شتانە تاقی دەكەینەوە، ئێوەیش لەگەڵمدا دەست بە كار بن.
قوتابییـەكان لـە جێـوە دەسـتیان گەیانـدە كاغـەز و فلچـە و لەگـەڵ قسـەكانی مامۆسـتاكەیاندا، ڕەنگـەكانیان تێكـەڵ بـە یـەك دەكـرد و بەسەر كاغەزەكەیاندا دەهێنا.

(ماویەتی)

* پەلكەزێڕینە: كۆلكەزێڕینەیشی پێ دەڵێن.

**ئەم چیرۆكە لە ژمارە(١٠٩٢)ی ساڵی٢٠١١ی ڕۆژنامەی( هەولێر) بلاو بۆتەوە**

# ئاڵای کوردستان

## دوایین بەش



دوێنێ گوتمان هەبوو نەبوو، مشکێکی بزێو هەبوو، لەپێناو فێربوونی زانست و زانیاریدا، سەری بە هەموو کونج و کەلەبەرێکدا دەکرد، رۆژێکیان لە کونێکەوە سەیری ناو پۆلێکی دەکرد.

مامۆستاکە بە هێواشی دەستی دایە قەڵەمەکە و لەسەر تەختەنووسین(سەبوورە)کەدا نووسیی، تێکەڵکردنی:

شین و زەرد دەبێتە سەوز

سوور و زەرد دەبێتە پرتەقاڵی

رەش و سپی دەبێتە رەساسی(سلقەر)

شین و سوور دەبێتە مۆر

رەش و سوور دەبێتە قاوەیی

ئەوجا رووی کردە قوتابییەکان و گوتی: ئێستایش دێین بە کردەوە ئەو شتانە تاقی دەکەینەوە، ئێوەیش لەگەڵمدا دەست بە کار ببن.

قوتابییەکان لە جێوە دەستیان گەیاندە کاغەز و فلّچە و لەگەڵ قسەکانی مامۆستاکەیاندا، ڕەنگەکانیان تێکەڵ بە یەك دەکرد و بەسەر کاغەزەکەیاندا دەهێنا.

کە زەنگی چوونە دەرەوە لێی دا، قوتابییەکان دەستییان لە شتەکان هەڵگرت و بە دوای مامۆستاکەیاندا، ئەوانیش چوونە دەرەوە.

مشکەکە خۆیی گەیاندە سەر مێزەکە و دەستی کرد بە فلّچەداهێنان بەسەر ڕەنگەکاندا و ئینجا بەسەر کاغەزەکەیدا دەهێنا، گەلێك دڵی خۆش بوو، حەزی دەکرد هاوڕێکانیشی لەو بەهرەیە ئاگادار بکاتەوە، بەو شوێنەیدا هاتبوو، هەر بە ئەو شوێنەیشەدا گەڕایەوە، ئەوەندەی پێ نەچوو بانگی چەند هاوڕێیەکی خۆیشیی کرد و لە گەڵ خۆیدا بردنیە ئەو ژوورەوە و وەك و مامۆستایەك کەوتە باسکردنی ڕەنگەکان، ئەوجا بە پێش چاویانەوە دەستی گەیاندە فلّچە و لەسەر کاغەزێکی تەواو ڕەشدا، خەتێکی سووری درێژی بەسەر کاغەزەکەدا هێنا، پاشان خەتێکی سپی لە ژێر و دواتر خەتێکی سەوزی لەژێری داهێنا، بەڕەنگی زەردیش تۆپێکی خڕی لە ناوەڕاستی ڕەنگەکاندا کرد.، مشکەکان بەو دیمەنە سەرسام بوون، یەکدەنگ کەوتنە چەپڵەلێدان و دواتر گوتیان: بەڕاستی شتێکی جوانت دروست کرد، دەکرێ پێمان بڵێیت ئەوە لە کێیەوە فێر بوویت؟

مشکەکەیش پێی گوتن: ئەوە ئاڵای کوردستانە، بە دەست یەکێك لەو قوتابیانەوە دیتم وا لە پۆلەکەدا بوون، ئاخر وەك چۆن دەبێ خاکەکەی خۆمانمان خۆش بوێ، هەر ئا وەهایش دەبێ ئاڵایەکەیشیمان خۆش بوێت.

* * *

**ئەم چیرۆکە لە ژمارە(١٠٩٣)ی ساڵی٢٠١١ی ڕۆژنامەی( هەولێر) بلاّو بۆتەوە**

# چاڵ بۆکەس هەڵمەکەنە



هەبوو نەبوو پشیلەیەك و سێ مریشك و کەڵەشێرێك هەبوو، بە یەکەوە لە حەوشەی ماڵێکدا دەژیان، یەك لە مریشکەکان لە هاوینێکدا پاش ئەوەی کورك دەکەوێت و لەسەر هێلکەکان دەنیشێت، بە کەمتر لە یەك ڕۆژ لە چاو وەرزەکانی دیکەدا، دوای بیست ڕۆژ لە پانزدە هێلکەکەی، شەشە هێلکەیان پیس دەکات و پێنجەکەی تریان هەڵدەهێنێت.

هەر لەو ڕۆژەوەی جووچکەکان توێکڵەی هێلکەکانی خۆیانیان تروکاند و هاتنە دەرەوە و لە کۆلیتەکەیاندا دەستیان کردە جووکە

جـووك، پشـيلەكە چـاوی تـێ بڕیبـوون، ئـاو زاییبوویـە دەمـی. لـە دەرفەتێك دەگەڕا فرسەتیان لێ بهێنێت و یەكە یەكە پەلاماریان بـدات و گۆشتە تەرچك و ناسكەكەیان بخوات، بەڵام لـە ترسـی گڤبوونـەوەی مریشـكە دایكانەكـە و هەڕەشـەكانیدا، نەیـدەوێرا زۆر لێیـان بچـێتە پێشـەوە، هـەر بـە ئـەو داڵغـەوە دەژیـا، كـەتبووە بیركردنـەوە چـۆن دەسـتی بگاتـە ئـەو جووچـكە ناسـكانە. لـە تەنیشـت ئـەو دارەی لـە ناوەڕاسـتی حەوشـەكەدا چـاندرابوو، چـاڵێكی قـووڵی هەڵكەنـد و بـە هەنـدێك چـڵەدار سـەری چـاڵەكەی داپۆشـی بەشـكەم جووچـكەكان ناخافڵ بچنە سەر تەیمانە شل و ولەكە و بكەونە ناو چاڵەكەوە، ئەوجا تەنانەت دایكەكەیشیان ناتوانێت لە ئەو چاڵە قووڵە دەریـان بهێنێـت و ڕزگاریان بكات، نەختێ گەنمی كردە ژێر دارەكە و چووە سەر دارەكـە و بـانگی مریشـكە دایكانەكـەی كـرد، گـوتی: هـۆۆۆ مریشـكە خۆشەویسـت! وەرە وەرە. وەرە بەچـكەكانت بهێنـە، وا لـەژێر ئـەم دارەدا دانیان ڕۆ كردووە. وەرن بۆ خۆتان دان بخۆن.



مریشــکەکە بــە خــۆی و بەچــکەکانیەوە بــەرەو ژێــر دارەکــە هــاتن.
مریشکەکە کاتێك چاوی بە چڵەدارەکان کەوت، گومانی خست ڕەنگە ئەمە تەڵە بێ، چونکە تاوێك پـێش ئێستا هـیچ شـتی وای لـێ نـەبوو، بۆیە بە هێمنی ڕووی کردە بەچکەکانی و گوتی پێیان: لەو چڵانە نزیك نەکەونەوە.

ئـەوانیش بـەبێ سـێودووکردن، بـە گوێییـان کـرد و بـە تەنیشـتیەوە تێپەڕین و چوونە ژێر دارەکـە. دوای ئـەوەی تێـر بـوون، هـەر بـە ئـەو ڕێگەیەدا وا چووبوون، گەڕانەوە.

پشـیلەکە چـونکە پیلانەکـەی سـەری نـەگرت، زۆر خەفـەتی خـوارد، ویستی لەو شوێنە دوور بکەوێتەوە، لە خەفەتان ئاگای لە خـۆی نـەما کە ئەوە لەسەر دارەکەیە کە بۆ سـەر زەوییەکـە پـازێکی هەڵـدا، ڕێـك کەوتە ناو چاڵەکە و دوای هەوڵێکی زۆر ئەوجا بە چ حاڵێـك تـوانیی لـە چاڵەکە بێتە دەرەوە، لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ئەو قسـەیە ڕاسـتە کـە دەڵێن: ئەوەی چاڵ بۆ یەکێ هەڵکەنێ، بۆ خۆی دەکەوێتە ناوی.

* * *



ئەم چیرۆکە لە ژمارە(١٠٨٥)ی ساڵی٢٠١١ی ڕۆژنامەی( هەولێر) بڵاو بۆتەوە

# ژیــری لــە هێــز بــەسوودتــرە



هەبوو نەبوو، ڕێوییەکی بەهێز و گورجوگۆڵ هەبوو، لەنێو هاوڕێکانیـدا کەس نەبوو خۆی لە قەرەی بدات، هەر نێچیرێکی بویستـبایە، هـە زوو ڕاویی دەکرد، چونکە لە ڕۆیشتندا زۆر خێرا بوو.

ئەو ڕێوییە لەگەڵ ئەو هێز و توانا زۆرەیدا کە هـەیبوو، کـەمتر ئـەقڵیی بە کار دەهێنا.

ڕۆژێکیان لە قووڵایی دارستانەکەیاندا بـەدوای نێچـیرێکدا دەگـەڕا ڕاوی بکات، لەناکاو ڕاوچییەکی دەست(بە) تفەنگی لێ پەیدا بوو، شڵەژا، لە ترسدا نەیدەزانی ڕوو بکاتە کوێ و بە کام لادا ڕابکات و هەڵبێت.

لەو كاتەدا كە بە لای ڕاستی خۆیدا ئاوڕی دایەوە، تەماشای كرد ئـەوە كۆمەڵێك ڕێوی لە دوورەوە وەستاون، گوتیان پێی: ئەوە چـی بـووە؟ بۆچی ئا وەها پەشۆكاوی؟

ڕێویلەكەیش لە وەڵامدا پێیانی گوت: ڕاوچییەكم لـیٚ نزیـك بووەتـەوە، بەنیازە پەلامارم بدات و بمكوژێت.

ئەوانیش یەكدەنگ گوتیان: ئەی كە وایە چاوەڕێی چیت؟ تۆ ئەوەنـدە بەهێز و بەتوانای، بۆچی هێرش ناكەیتە سەری و نایكوژیت؟

ڕێوییەكە بیٚ بیركردنەوە لە ئـەوەی كـە ئـاخۆ دەرەقـەتی ڕاوچـییەكە دێت یان نا، بەرەو ڕووی ڕۆیشت.

ڕاوچییەكەش سێرەی تفەنگەكەی لێـی گـرت و بـە گوللەیـەك سـاردیی كردەوە و ڕێوییەكەی خستە سەرشـانی و بـەرەو مـاڵ گەڕایـەوە و لـە دڵی خۆیدا گوتـی: ئەگەر ئەقڵت پیٚ بشـكابا، نـەدەهاتیت بـەرەو ڕووی من، با خۆیشت بەهێز بزانیت!.

* * *



ئەم چیرۆكە لە ژمارە(١٠٨٠)ی ساڵی٢٠١١ی ڕۆژنامەی( هەولێر) بڵاو بۆتەوە

# ژووژگێکــــی ئــــاژاوەچـــــی




هەبوو نەبوو، لە شاری ژووژگاندا، ژوژوویەکی لەخۆبایی هەبوو، حەزی دەکرد بەس خۆی هەموو شت بێ و گشت شتێك هەر لە ئەو وەربگرن، بەلاّم چونکە هیچی لـە دەسـت نـەدەهات بیکات، کـەس پرسـی پێـی نەدەکرد، ئیتر لە داخاندا کەوتە قسەهێنان و قسەبردن، هەر بـیری لـە تێکدانی نێـوان هاورێکـانی دەکـردەوە، ئەگـەر دوو ژووژگ بەیەکـەوە قســەیان بکردایــە قســەی پــێ دەبــڕین.. ئەگــەر دوو سنگەسووچــەڕ یارییـان بکردایـە یاریەکـەی لـێ تێك دەدان، ئەمـەیش بووبـووە هـۆی بێزارکردنی هەموو ژووژگـەکان و بڕیاریـان دا ئـیتر نـە قسـەی لەگەڵـدا بکەن و نە بەشداری یاریکردنی پێ بکەن.

ژووژگـــەی لـــەخۆبایی کـــە دەچـــووە لای هـــەر هاوڕێیـــەکی، ئـــەوە هاوڕێیەکەی قسەی لەگەڵ نەدەکرد و لێـی دوور دەکەوتـەوە و لـووتی لێی هەڵدەکرد.

ژووژگەکە گەلێك پەشیمان بووەوە و زانیی کە نەدەبا بە ئەو چەشنە هەڵسوکەوتی بکردبا.

ڕۆژێکیان هەموو ژووژگەکان لە جێگەیدا کۆ بوونەوە، ئەویش ئەمەی بە دەرفەت زانی و لێیان چووە پێشەوە و بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی: من پەشیمانم لەو کارانەی کردوومن، بەڵێن بێ لەمەودوا کاری وا نەکەم. تکاتان لێ دەکەم بەس ئەمجارە لێم ببوورن و قسەم لەگەڵ بکەنەوە.

ئەوانیش لێی خۆش بوون و بانگیان کرد بچێتەوە لایان و لەگەڵیاندا یاری بکات..

* * *



ژووژگ: ژوژوو: سنگەسوچەڕ

ئەم چیرۆکە لە ژمارە(١٠٧٢)ی ساڵی٢٠١١ی ڕۆژنامەی( هەولێر) بلاّو بۆتەوە

# بێ پرس (کایەکڵێ)کانم مەبە




هەبوو نەبوو، تووتکە سەگێك و بەچکە ڕێوییەکی هاوڕێ هەبوون، یەکترییان زۆر خۆش دەویست، بۆیە هەمیشە بە یەکەوە پیاسەیان دەکرد و بە دڵێکی خۆشەوە خەریکی یاریکرد دەبوون.

هەڵبەت هەندێك جاریش لە نێوانیاندا گێروگرفت ڕووی دەدا، ئاخر هەر کامێکیان کۆمەڵێك( کایەکلێ)یان هەبوو کە یارییان پێیان دەکرد.

تووتکە سەگەکە ئەگەر حەزی لە کایەکلێیەکی بەچکە ڕێوییەکە هەبووایە یەکسەر بە یارمەتیخواستنێك، کایەکلێیەکەی لە ڕێوییەکی قەرز دەکرد و پاش گەمە دەیگەڕاندەوە بۆی، کەچی بەچکە ڕێوییەکە بێ ئەوەی داوای یارمەتی لە تووتکەکە بکات، یەکسەر کایەکلێیەکانیی ڕادەپچکاند و ڕایدەکرد.

تووتکە سەگەکە گەلێك پێی ناخۆش بوو، هەر چییەکیش ئامۆژگارییی دەکرد کە ئەگەر شتێکی دەوێت با داوای یارمەتیی لێ بکاتـ تـاوەکوو شـتەکەی بـداتێ، بـەلاَم ئامۆژگارییـەکانی بێسـوود بـوو تـا ڕۆژێکیـان لەکاتی یاریکردندا ڕێوییەکە هەندێ لـە ( کایـەکلێ) کـانی لـە دەسـتی تووتکە سەگەکە فڕاند و ڕایکرد.

تووتکە سەگەکە کەوتـە دوای تـاوەکوو کایـەکلێکانی لـێ بسـێنێتەوە. بەچکە ڕێوییەکە چونکە زۆر بەتوندی ڕای دەکرد و جار نـا جـارێکیش ئاوڕی دەدایەوە، ئاگای لەپێش خۆی نەما و لە بەرزاییەکـەوە کەوتـە خوارەوە و قاچێکی شکا.

کە کەوتە خوارەوە، ئەوەندە ئازاری پێ گەییشـت خـەریك بـوو ڕق لـە هاوڕێیەکەیشـی هـەڵگرێت، بـەلاَم کـە جـوان بـیری کـردەوە زانیـی، سووچـی خـۆی بـووە کـە ئـا وەهـای لـێ قـەوماوە، هەربۆیـە داوای لێبـووردنی لـە تووتکـە سـەگەکە برادەرەکـەی کـرد و بـەڵێنی پێـی دا جارێکی تر لە کاتی یاریدا، بێ پرس پەلاماری(کایەکلێ)یەکانی نـەدات و(کایەکلێ)کانی لێ نەفڕێنێ



کایەکلێ: ئامێری کایە و یاری: (لەیستۆك)یشی پێ دەڵێن بەلاَم لەیستۆك وشـەیەکی کوردی نییە.

**ئەم چیرۆکە لە ژمارە(١٠٧٤)ی ساڵی٢٠١١ی ڕۆژنامەی( هەولێر) بڵاو بۆتەوە**

# پەشیمانی سوودی چییە؟

هەبوو نەبوو، شێرێکی توند و تیژی تووڕە هەبوو، بەزەییی بە هیچ شتێکدا نەدەهاتنەوە و هیچ شتێك كاری تێی نەدەكرد، ئەوەندە دڵڕەق بوو، تەنانەت دەستی لە بەچكەكانیشی نەدەپاراست.

ڕۆژێكیان بە ڕق و كینەیەكی زۆرەوە بەسەر یەكێك لە بەچكەكانیدا نەڕاندی و گوتی پێی: دەی دەمەوێ هەر ئێستا بۆم بكەویتە گەڕان و سووڕان، لێرە بۆ ئەوێ و لە ئەم لا بۆ ئەو لا، هەتا دوو ڕێویلەی چاكت



ڕاو نەكردووە بۆم، نابێ بێیتەوە، تێگەیشتی دەڵێم چی؟

بەچكەكەیش بە نابەدڵی و ترس و لەرزێكی زۆرەوە گوتی: ئاخر باوكەگیان من جارێك بچووكم، هێشتا فێرە ڕاو نیم، جا چۆن پەلاماری

نێچیر بدەم و ڕاوی بکەم، ئیدی چۆن دەتوانم دوو ڕێویت بۆ بکوژم و بۆتی بهێنمەوە؟

شێرەکە بەڕقەوە چاوی تێی بڕی و گوتی پێی: ئەوە دەڵێیت چی؟ دیارە تۆ مل نادەیتە بەر فەرمانی من؟

یەکسەر هێرشی کردە سەر و بەچکەکەش بە پەلەپرووزێ خۆیی لەبن دەستی ڕزگار کرد و بەرەو قوڵایی ناو دارستانەکە ڕایکرد و کەوتە گەڕان و سووڕان، بەڵام هیچ ڕێوییەکی بەردەست نەکەت پەلاماری بدات و ڕاوی بکات.

بەرەبەری ئێوارە بە دەم خەم و پەژارەییەکی زۆرەوە ڕێوڕێ گەڕایەوە.



کاتێك شێر پادشا بەچکەکەی بەو شێوەیە بینی ئەوە بەدەست بەتاڵی گەڕاوەتەوە، بۆی داڕسا و شالاَوی بۆی برد و بەچڕنووك کەوتە سەری و هەموو لەشیی بریندار کرد، ئەوجا دەستی لێی هەڵگرت و بەرەو

سەرەوە ڕۆیشت. لە نیوەی ڕێگەکەدا بیری لە بەچکەکەی دەکردەوە، هەستە باوکانەکەی بۆی جولاً کە نەدەبوو بەو شێوەیە ئەزیەتی بدات، لەتاودا گەڕایەوە، بەلاّم کاتێك چووە نێو لانەکەی، بینی ئـەوە بەچـکە بچـووکەکەی مـــردار بووەتـــەوە، خــۆیی بەســـەر لاشـــەی بەچـــکە بچووکەکەیدا دادا و دەستی کردە گریان و فرمێسکڕشتن و زۆریـش لـە کارەکەی پەشیمان بووەوە.

ئیتر لەو ڕۆژەوە بڕیاری دا لە حەنای* بەچـکەکانی دیکەیـدا بەسـۆز و بەزەیی بێت و ئەوەندە هەڵنەچێت و تووڕە نەبێت، نەکا کارێکی وەها بکات دوایی لێی پەشیمان ببێتەوە، ئاخر کە کار لـە کـار تـرازا، تـازە پەشیمانی سوودی نییە و دادی نادات.

*لـە حـەنای: لـە حانـدی: (دەرهـەق بـە)، ئێسـتا هەنـدێك کـەس لـەباتی ئـەو سـێ
*دەستەواژە جوانە دەڵێن: (بەرامبەر بە) کە دەستەواژەیەکی بەجێ نییە.



ئەم چیرۆکە لە ژمارە(١٠٧٦)ی ساڵی٢٠١١ی ڕۆژنامەی( هەولێر) بلاّو بۆتەوە

# له خۆبایيبوونی دارکونکەرە و پەشیمانبوونەوەی



هەبوو نەبوو، دارکونکەرەیەك هەبوو، ڕۆژ تا ئێوارەی خودا، خەریکی کونکردنی دارەکانی نێو دارستان بوو.
دارتەقێنەکە بەو کارەی وا دەیکرد، وای دەزانی هونەری کردووە و کەس لەو بەهونەرتر نییە، بۆیە لە خۆی بایی بوو، دارکونکەرەکە وای لێ هات کە دەچووە لای هاوڕێکانی، لەجیاتی ئەوەی قسەی خۆشیان بۆ بکات و لەگەڵیاندا خەریکی یاریکردن ببێت، هەستیانی بریندار دەکرد و بە فیز و پۆزەوە دەیگوت: من لە هەمووتان جوانتر و لە گشتیشتان بەهونەرترم، بێزم نایێت یاریتان لەگەڵدا بکەم!
ڕۆژ نەبوو ئەو قسە ناشیرینانەی نەڵێتەوە و هاوڕێیەکانی بێزار نەکات، سەیرەکەی لەوەدا بوو بەو بێزارکردنەی هاوڕێکانی، دەیدایە قاقای پێکەنین و دڵی خۆش دەبوو!

ماوەیەکی باش بەسەر ئەم هەڵسووکەوتە ناشیرینەیدا تێپەڕی، کوتوپڕ نەخۆش کەوت. بەلای خۆیەوە وای دەزانی لەبەر ئەو کارە خراپانەی دەرهەق بە هاوڕێیەکانی کردوونیەتی، ئیدی کەس نایێتە سەردانی و کەس بە سەری ناکاتەوە، کەچی بە پێچەوانەوە هەموو هاوڕێکانی خڕ بوونەوە، لەجیاتی گاڵتەپێکردن و بێزارکردنی دارکونکەرەکە، بۆ دڵدانەوەی، چوونە سەردانی و هیوای چاکبوونەوەیان بۆی خواست.

دارتەقێنەکە بەو دیمەنە هەستی بە پەشیمانییەکی زۆر کرد و گوتی: بەڵێن بێت چیتر هەستی کەس بریندار نەکەم، بەڕاستی ئێستا بۆم دەرکەوت ئێوە لە من باشترن بۆیە داوای لێبوردنتان لێ دەکەم.

ئەوانیش بە خۆشحاڵییەوە گوتیان: تۆ هاوڕێی ئێمەی، کەی چاك بوویتەوە، هەر كاتێك حەزت کرد دەتوانیت بێیتە لامان و یاریمان لەگەڵدا بکەیت.

دارکونکەرەکە سپاسی کردن و وازی لە فیز و لووتبەرزی و خۆبەزلزانینەکەی هێنا و چووەوە ناو هاوڕێکانی و ڕۆژانە لەگەڵ ئەواندا یاریی دەکرد.



دارکونکەرە: دارتەقێنە

ئەم چیرۆکە لە ژمارە(١٠٦٩)ی ساڵی٢٠١١ی ڕۆژنامەی( هەولێر) بلاو بۆتەوە

# ڕێوی کراشی دڕا، هیچی پێ نەبڕا



هەبوو نەبوو، ڕێوییەك هەبوو، ڕێوییەکە دەیویست ببێت بە پادشای دارستان و لە خزمەتکردنی شێر ڕزگاری ببێت و گیانەوەران ببن بە خزمەتکاری ئەم و ئەویش بە ئارەزووی خۆی بیانکوژێت و بیانخوات!

ڕۆژێکیان زۆر بیری کردەوە، بەشکەم پیلانێك دابڕێژێت بۆ لە ناوبردنی شێر پادشا، بەڵام هەر چەند بیری هێنا و بیری برد پیلانی چۆنیەتیی لەناوبردنی شێری نەدۆزییەوە، بە ناچاری هەڵستا بە تێکدانی نێوانی شێر و پڵینگ بە قسەهێنان و بە قسەبردن، قسەی ناشیرینی هەڵدەبەست بۆ پڵینگ بە لای شێرەوە و قسەی شێریشی دەبرد بۆ

پڵێـنگ، تـاوەکوو ڕۆژێکیـان شـێر زۆر لـە پڵێنگەکـە بێـزار دەبێـت و پڵێنگەکەیش هەر وەها.

هەردووکیان بە بەر چاوی ڕێوییەکەوە لە یـەکتر دەڕاسـێن و پـەلاماری یەکتر دەدەن و دەیکەنە شەڕێك هەر مەپرسە، ئاخرییەکـەی شـێرەکە پڵێنگەکە دەکوژێت و لە ناوی دەبات.

جا کە شێر بیباتەوە یان پڵێنگ چ لە ژیانی ڕێوی دەگۆڕێت! لە سـای ئـەودا بێـت یـان ئـەم، خـۆ ئـەو خەونـەکانی هـەر نایێتـە دی و هـەر خزمەتکار و نۆکەرە، ئەوەیە دەڵـێن: مانـدووبوونی ڕەنـج بـە خەسـار، کراشی دڕا و هیچی پێ نەبڕا.

* * *



ئەم چیرۆکە لە ژمارە(١٠٥١)ی ساڵی٢٠١١ی ڕۆژنامەی( هەولێر) بلاَو



# تەونی جاڵجاڵۆكە

لەناو بۆڕیەكی گەورەی ئاوی لەكاركەوتوودا وەكو شارێكی گەورە، مێروولە* و مێش و پەپوولە و قالۆنچە و سیسارك و كوللە و زەنگوسۆرە و جاڵجالۆكە دەژیا، هەر یەكە سەرقاڵی ئیش وكاری خۆی بوو كەس هەقی بەسەر كەسەوە نەبوو، ناوە ناوە ناخۆشی دەكەوتە نێوانیان لێرە و لەوێ ئەو پەلاماری ئەوی دەدا و ئەو هێرشی دەكردە سەر ئەویتر.

بێزاری هەموو لایەكی ئەو شارەی گرتەوە، بەناچاری هەمووان لەسەر یەك مێز كۆبوونەوە بڕیاریاندا دادگایەك دابمەزرێنن جاڵجاڵۆكە بكەنە

دادوەر تا لەو سەری کونی بۆڕییەکەوە تەونی خۆی دانیٚ، هەر کەسیٚ تاوانێکی ئەنجامدا و ویستی هەڵبیٚ، ئەو یەکسەر بیگریٚ و ڕوو بەڕووی دادگای  بکاتەوە.

جاڵجاڵۆکەی دادوەر سیفەتێکی خراپی هەبوو ئەگەر بەکەسێك بوێرایە بیزانیایە هەژار و دەست کورتە کەس پشتگیری ناکات وەك مێش و پێشوولە، لە بچوکترین هەڵە بانگی بەردەم تۆڕی دادگای دەکردن و یەکسەر بڕیاری خۆی دەدا، دەیوت: تۆ تاوانت ئەنجامداوە دەبیٚ لەسەر ئەو تۆڕە بەند بکرێی، هەر چەندە مێش و مەگەز یا پێشوولە بنوزایەتەوە : ئاخر گەورەم تاوانێکی ئەوەندە گەورەم نەکردووە بۆ لێمان نابووری؟ ئاخر لەبەرچی بەندمان دەکەی؟



جاڵجاڵۆکەکە دەیوت: من لەپێناوی ئێوە یاسا ناشکێنم، تا یاسا سەروەربیٚ نابیٚ لەبچوکترین تاوان چاو بپۆشم.

زەنگەسۆرەیەکی دەست ڕۆیشتوو بەتۆمەتیٚ تاوانبار کرابوو گوایە پەلاماری شانە هەنگێگی داوە، هەنگەکان دوای ئەوەی سکالاٰی لەدژ

**تۆمار دەکەن و جاڵجاڵۆکەی دادوەر دەنێرێتە دوای ، زەنگەسۆرەش تا بۆ هەموو لایەکی نیشان بدات نایەوێ خۆی لەبەردەم یاسا بدزێتەوە، بەرەو تۆڕی دادگا ڕۆیشت و لەئاسمانەوە بە باڵەفڕە توند خۆی بەتۆڕەکە دادا، هەندێ لەتۆڕەکەی پچڕاند و بۆی دەرچوو.**

**پەپوولەیەکی سزا دراو بەتۆڕەکەوە بەندکرابوو، چەند ڕووی کردە دادوەر و وتی: قوربان تۆ بەخۆت دەڵێی دەبێ یاسا سەروەربێ، ئەی بۆچی ئەو زەنگەسۆرەت دادگایی نەکرد؟**

**جاڵجاڵۆکەی دادوەر وتی: خۆ بەچاوی خۆت بینی چۆن هاتە دادگا و بەچ هێزێکەوە ئێرەی هەژاند، ئێمە لەم مەملەکەتە دەسەڵاتی ئەو بەرپرسانەمان نییە کە هەموو شتێکن، یاسا لێرە دەبێ بەدڵی ئەوان پەیڕەو بکرێ ئەوان خاوەنی یاسابن کەواتە کێ دەتوانێ بیانگرێ بانگیان بکا و دادگایان بکات؟**

**مێشێك کە لەدوا ساتەکانی تەمەنیدا بوو، بەنووزەوە وتی: کەواتە یاسا تەنها بۆ ئەوانەیە کە هەژار و دەست کورتن.**

**جاڵجاڵۆکەی دادوەر وتی: ئەوە هەقیقەتە و نکۆڵی لێ ناکرێ، ئێمە دارودەستەی ئەوانەین بۆ ئێوە پلە و پایە و نانی خۆمان نابڕین.**

**مێشکە وتی: ئەوها؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟**

**جاڵجاڵۆکەکە پێکەنی و وتی: بەڵێ ئەوها .**

* * *

**<u>بۆ زانیاریت، ئایا دەزانی:</u>**


*** تەونی هیچ جاڵجاڵۆکەیەك بەتەونی جاڵجاڵۆکەیەکی تر ناچێت.**

***زمانی پەیوەندیکردن لەنێوان مێرووله بریتییه له هەستی بۆن و دەست لێدان.**


# بەشێك لە چاپكراوەكانی نووسەر












کەروێشکێکی
زیرەک
شاخەوان عەلی
2012


پرۆژەی: کتێب باشترین هاوڕێیە، زنجیرە-13 -
بەها جوانەکان


2012
خەونی خوشتر
شاخەوان عەلی
خونچە گوڵەکانی کوردستان


قەلە سپیەکە
بۆ ڕووی ڕەش بوو؟
کۆمەڵە بابەتێکی منداڵانە


بەرەو قوتابخانە
2012
شاخەوان عەلی حەمەد
پێشەکی
ئاری ئاغۆك
پێداچوونەوە
محەمەدئەمین رستگار









ەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە سپاردنی ()ی ساڵی ()ی پێی دراوە